# نێچیری هەفتە

علی محمود محمد

**2005-5-18**

– کاك کۆسرەت ڕەسوڵ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ دەڵێت : لەگەڵ زەحمەتکێشان پەیوەندی ستراتیژییمان هەیە و زەحمەتکێشان هاوپەیمانی سەرەکی ئێمەیە , زەحمەتکێشان و سۆسیالست لە ڕۆژە ناخۆشەکان لەگەڵ یەکێتی بوون و لە بیرمان ناچێتەوە . باشە ئەگەر ئەمانە دۆستی ستراتیژو هاورێی ڕۆژی تەنگانە نەبونایە ئەوا وەك ماسی هارینگ* بەخاوی بەبێ خوێ لوشتان دەدان , بۆ هیچتان لێیان هێشتووە تا ئێستا هاوپەیمانی سەرەکی بن ؟؟ , هەی قوڕ بەسەر ئەوانەی دۆستی تەنگانەو هاوپەیمانی ستراتیژی نین ! ! !, بە ئێسکەوە دەیان خۆن .

*ماسییەکە ئێسکی تیا نییە بە خاوی دەخورێت .

– ئاسایشی هەولێر مزگێنی دەدا بە خەڵکی کوردستان گوایە تاوانبارانی ڕوداوە خوێناوییەکەی 4-5 بیان دۆزیوەتەوە , باشترین مزگێنی بۆ خەڵکی هەولێر ئیستقالەی دەست بەجێی ئەو ستافە فاشیلەیە ! ! ! , ئەی هاوار ئەگەر ئاسایشی ناوچەی هێزی ناوخۆییان پێ دابین نەکرێت کە بڕ بڕە پشتییانە , چۆن دەتوانن شێخەڵاو چایخانەی قەرزاران بپارێزن ؟؟؟ .

– ئەگەر بمانگوتایە دەزگای نهێنیتان هەیە(زانیاری و پاراستن) , بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵ , دەیان ووت وا نییە , ئێمە لایەنگری کۆمەڵگەی مەدەنیین , بەڵام خۆیان دانییان پێیدا نا و مانگانەیان لە حکومەتی دووگرتوو دەخرێتە سەر ئەنجومەنی وەزیران , نهێنی بوون وایان دەکرد , ئاشکرا بن نەك تاك بەڵکە شارو حیزبیش دەخۆن . لە هەموو ووڵاتێك دەزگای نهێنی هەیە, بەڵام بۆ پاراستنی ئەمنی قەومی , بەڵام لە کوردستان بۆ پاراستنی ئەمنی کورسییە .

– چینییەکان پاش نزیك بە 70 ساڵ , قوربانییانی خۆیان لە بیر نەچووەوە , توانییان دەردێك بە ژاپۆنییەکان بدەن , دار بە دەواری نەکردبێت , ژاپۆنییەکان بە ناچاری بە پەلە داوای لێبوردنییان لە چینییەکان کرد , بەڵام سەرانی کورد لە وەرزی یاداوەری کارەساتەکانیی کوردداا نەك لە تاوانباران خۆش دەبێت , بەڵکە دەشییان کات بە بەرپرس , ئافەریم زاکیرە و وەفادارانی ڕێگای شەهیدان و قوربانییان .

–پاپای تازە پەیوەندی بە نازییەکانەوە هەبووە , ئەوە ئاساییە لە سیاسەت و ئایندا , ئێمەش سەرکردەی لایەن و دەزگای ئیسلامیمان هەس فایلی قەبەی وای هەبووە هیچ بارگیرێك تەحەمولی هەڵگرتنی نەکردووە.

– گوایە 100 ملیۆن دۆلار بزرە لەو پارەیەی بۆ چاکسازی عێراق تەرخان کرابوو , بەس 100 ملیۆنەکەی کەرکوك نەبێت مەمنونین , قەولەکە بۆ هەڵبژاردن درا جێبەجێکردنیشی بۆ 37 مانگی شانزە , وەك دادگاییەکەی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە دەنگی نەما و کەوتە بیرەوە , لەهەر ووڵاتێکی کە هەر بەرپرسێك قەولی وای بدایا سەری ناکردەوە بەو ووڵاتەیا , بەڵام لە ووڵاتی بێ زاکیرەدیا ئاساییە .

– برادەرێك کارێکی لە دائیرەیەك هەبوو لە شارێکی هەرێمی کوردستان , لێی ببوو بە گرێ کوێرەو بۆی چارە ناکرا , نە بە بەرتیل و نە بە دەعوەت , ووتی : ناوەڕاستی مانگی شوبات حکومەت یەکە گرێتەوە ئەوجا تەواوی دەکەم , لە وەڵامدا پێم ووت : مەگەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و دوو یەکگرنەوە, ووتی : نا تۆ دەمت قەت باش ناهێنێت هەموو شت براوەتەوە , ئەمجارە وەك جارەکان پێشوو نابێت . باشە توخوا پەرلەمانی نوێ پێنج مانگە نەیتوانییوە یەك دانە سوێند بخوات, دەبێت

به چەند سەت مانگ بتوانێت دوو حکومەت یەك خات . نازانم گەلۆ چۆن حکومەت یەکە گرێتەوە , هەر دانەی یەك ملیۆن نهێنی تاپۆکردنی زەوی و کۆنتراکتی تەزویر و کۆمپانیای نهێنی بەرپرسان و ئاودیوو کردنی ملیاران دۆلار و کۆمپانییای مۆبایل و سەدان هەزار وەکیل وەزیرو مودیر عام و موستەشاری خانەنشین کراوو پۆلیس و حیمایەو فەرمانبەری مەتروکەو ....هەیە . یەکگرتنەوەی حکومەت دەبێت تەسفییەی حیساباتی هەموو ئەوانەشی لە گەڵدا بێت , بۆیە باشترین چارەسەر حکوومەتی دووگرتووی کوردستانە , وابزانم هەموو سێ پارێزگاکانی عێراق دەبنە فیدراڵی , تەنها کوردستان نەبێت .

- پارتێکی باڵا دەستی کوردی داوا دەکات تەمەنی ئەندام پەرلەمانی کەمبکرێتەوە بۆ 25 ساڵ , ئەدی باشە بۆ تەمەنێکیش بۆ سکرتێری حیزب دیاری ناکەن ؟؟یان ئەوەیان بڤەیە !!! , دەترسم ئەم کەمکردنەوەی تەمەنە بۆ خاتری مناڵەکانی خۆیان بێت ؟؟ , وەزیری نەما هەموو گوڵ کرا , ئەمجا پەرلەمانەکەش کۆنترۆڵ بکەن .

## تێبینی

لەبەر داواکاری خوێنەرانی گۆشەی نێچیری هەفتە ئەم گۆشەیە لە سایدی دەنگەکانەوە بەردەوام دەبێت .

هەرچەندە تا ئێستا هەندێك رۆژنامە پەیوەندییان پێوە کردووم بۆ بڵاوکردنەوەی , بەڵام کاتی خۆی ئەم گۆشەیەم بۆ رۆژنامەی رێگای کوردستان ئامادە کردبوو , بۆیە ناتوانم گۆشەکە بگوازمەوە بۆ هیچ رۆژنامەیەکی کە بە داوای لێبوردنەوە . لە ئێستا بە دواوە هەموو سێشەموانێك لە رێگەی سایدی دەنگەکانەوە پێشکەشتان دەکرێت .